**ەناوى خواى بەخشندەو ميهرەبـان**
**بەنـاوى گەلەوە**
**ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستانى عيراق**
**ژمارەى دەرهێنـان: ٤١**
**رۆژى دەرهێنـان: ٢٠٠٤/١٠/١٣**

پشت بە حوكمى برِگە (١)ى ماددەى (٥٦)وماددەى(٥٣) لە ياساى ژمارە (١)ى هەمواركراوى سـالَى (١٩٩٢) و، لەسـەر داواى ئەنجومـەنى وەزيـران و، ئـەو ياسـاكاريیەش كـە ئەنجومـەنى نيشتمانيى كوردستانى عيراق لە دانيشتنى ژمارە (٥٠)ى رۆژى (٢٠٠٤/١٠/١٢)يدا ئەنجامى داوەو، بەپێى ئەو سەلاَحيياتەش كە برِگە(٣)ى مـاددەى دووەمـى ياسـاى ژمـارە (١٠)ى سـالَى (١٩٩٧) پێمانى داوە، برِيارى دەرهێنانى ئەم ياسايەى خوارەوەمان دا:

## ياساى ژمارە( ٤١ )ى سالَى ٢٠٠٤
## ياساى دووەم هەمواركردنى ياساى ژمارە( ١ )ى هەمواركراوى سالَى ( ١٩٩٩ )ى سەنديكاى ئەندازيارە كشتوكالَييەكان

**ماددەى يەكەم:**

ماددەى نۆيەمى ياساكە هەمواردەكرێ و، بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەى نۆيەم**: دواى دەرچوونى ئەم ياسايە كردنەوەى نووسينگەى كشتوكالَى تەنيا ئەندازيارە كشتوكالَييەكان دەگرێتەوە بەپێى ئيجازەيەك(مۆلَەتێك)كە بە مزى (١٥٠٠٠)سالاَنەى پازدە هـەزار دينار لە سەنديكاى ئەندازيارانى كشتوكالَييەوە دەرچووبێ.

**ماددەى دووەم:**

ماددەى دوازدە لە ياساكە هەمواردەكرێ و، بەم شێوەيەى خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**يەكەم**: هەيئە (دەستە)ى گشتى، لە هەموو ئەو ئەندامانە يان نوێنەرەكانيان پێك دێت كە بەپێى حوكمەكانى ئەم ياسايە ئيلتيزاماتى خۆيان بەجێ هێناوەو بە بالاَترين دەسـەلاَتى سـەنديكاكەش دادەنرێ. هەر سێ سالَيش، يەك جار–كە لـە رۆژى هەلَبژاردنەكـەوە دەسـت پـێ دەكـا– لەسـەر برِيارى ئەنجومەن وداواى نەقيب، كۆبوونەوەيەكى ئاسايى لـە بارەگاكـەى خۆيـدا سـازدەدات بـۆ هەلَبژاردنى نەقيب و هەشت ئەنـدام بـۆ ئەنجومـەن و دوو ئەنـدامى يـەدەگيش. (نـصاب)يـش بـە ئامادەبوونى دوو سێيەكى ئەندامانى هەيئەى گشتى يان دوو سێيەكى نوێنەرەكانيان دێنەجێ و، ئەگەر نەشهاتە جێ، ئەوە، لەو بارەدا، دواى پازدە رۆژ لە كۆبوونەوەى يەكەم، لە هەمان كات و ساتى دياركراودا هەلَبژاردنێكى دى دەكرێ، لەم بارەدا(نصاب)بە ئامادەبوونى سێيەكى ئەندامان يان نوێنەران دێتەجێ، دەنا ئەنجومەن بۆ خولێكى تريش لەسەر ئەرك وفرمـانى خـۆى بـەردەوام دەبێت.

**دووەم**: لە حالَەتێكدا ژمارەى ئەندامانى سەنديكا لە(٥٠٠)ئەنـدام زيـاتر بـوو، ئـەوە لـەو بـارەدا، هەلَبژاردن لە رێى نوێنەرەكانيانەوە دەكرێت و، رێژەى نوێنەرايەتييش ئەنجومەن ديارى دەكات.

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم:** هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن، لەلایەن هەیئەی گشتییەوە، بە دەنگدانی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ ئەنجام دەدرێت.

**چوارەم:** کەسێ بۆ نەقیبی بپاڵێورێ، مەرجە، ماوەیەکی لە ئیشی هەیئەدا بەسەر بردبێ لە دە ساڵ کەمتر نەبێ، هەروەها، ئەوەش کە بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەن بپاڵێورێ مەرجە ماوەیەکی لە پیشەکەدا بەسەر بردبێ لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی سیازدە لە یاساکە هەمواردەکرێ و، بە م شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی سیازدە: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی سەندیکا، لە مانگی کانونی دووەمی هەموو ساڵێکدا، کۆبوونەوەیەکی ساڵانە سازبدات، نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆکانی لقەکانی سەندیکاکە لە پارێزگاکاندا ئامادەی بن، بۆ:

١–تەسدیقکردنی بوجەی ساڵانە.

٢–گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی ساڵانەی ئەنجومەن و ئیقرارکردنی.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی شازدە لە یاساکە ئیلغادەکرێ و، زنجیرەی ماددەکانی دوای ئەم ماددەیەش بەو پێیە هەمواردەکرێن.

**ماددەی پێنجەم:**

بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی حەڤدەی یاساکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** ئەنجومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا، بە دەنگدانی نهێنی، جێگرێ بۆ نەقیب و، سکرتێرێك و بەرپرسی دارایی لە نێوان ئەندامەکانی خۆیدا هەڵدەبژێرێ و، سەلاحییاتیشیان لە پێڕۆی ناوخۆدا دیاردەکرێن.

**ماددەی شەشەم:**

بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی بیست وسێ، لە یاساکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** لیژنەی زەپتی لە سەرۆکێك و دوو ئەندام پێك دێت، لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە دادەمەزرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی بیست وهەشتی یاساکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** لیژنەی لق لە سەرۆکێك و چوار ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێك دێت و، مەرجیشە ماوەیەك خزمەتیان بەسەر بردبێ لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ، ئەندامانی لق، بە دەنگدانی نهێنی وراستەخۆ، هەر سێ ساڵ، جارێك هەڵیاندەبژێرن، بە مەرجێ لەو پارێزگایەدا بەو پیشەیەوە

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

كاربكەن. لە نێوان ئەندامەكانی خۆشیاندا، جێگرێ بۆ سەرۆك و سكرتێرێك و ئەمینـدارێكیش بـۆ سندوق هەڵدەبژێرن.

**ماددەی هەشتەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایەبێت، ناخرێتە بەركار.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەركارو لە (وەقایعی كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**د.كـمال عبدالكـريـم فــؤاد**
**ســەرۆكــی ئــە نجــومــەنی نیــشــتمانیی كــوردســتـانی ـ عێــراق**

**– هۆكارە زەروورەكان –**

لەبـەر ئـەوەی، لـەماوەی بەركارخـستنی یاسـای ژمـارە(١)ی هـەمواركراوی سـاڵی (١٩٩٩)ی ئەنـدازیارانی كـشتوكاڵدا هەنـدێ ئـاڵ وگـۆڕو كـەموكورتیی تـێ كـەوت، كـە چارەسەركردنیـشی پێویستی بەم هەمواركردنە كرد، لەبەر ئەوە ئەم یاساكارییە ئەنجام درا.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com